# بڕیاری زۆره داخراوه‌كان و په‌شێوی ژیانی ئابوری خه‌ڵك

محمد حسين
muhemedhusen@yahoo.com



له‌نێو ئه‌و كێشانه‌ی میدیای كوردی به‌بایه‌خه‌وه پێشتر وروژاندویه‌تی ئابوری كوردستان به‌پله‌ی شه‌شه‌م و حه‌وته‌میش دواتر هاتووه , سیاسه‌تی ئابوری حكومه‌ت , سیاسه‌تی به‌ڕێوه‌بردنی بازاڕ , چۆنیه‌تی كه‌ڵكوه‌رگرتن له‌سامانی سروشتی ولاٚت , له‌و گرفتانه‌ن هێشتا نه‌بونه‌ته بابه‌تی گفتوگۆی ڕۆژانه‌ی نیو ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن , نه‌بونه‌ته دۆز affair بۆئه‌و كه‌سانه‌ی به‌چاوی لێپرسراوێتیه‌وه به‌دوای كێشه‌ڕۆژانه‌ییه‌كانی ئه‌م ولاٚته‌دا ئه‌چن , وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌م بواره گرنگانه‌دا ئێمه هیچ كێشه‌یه‌كمان نه‌بێت , یان بڕێكی زۆری كێشه‌كانی تری وه‌ك گه‌نده‌ڵی و نه‌بونی خزمه‌تگوزاریه پێویسته‌كان و... ڕاسته‌وخۆ لێره‌وه سه‌رچاوه‌ی نه‌گرتبێت .

بۆچی كه‌س ناتوانێت ته‌عریفێكی سیاسه‌تی ئابوری كوردستان بكات , یان نازانێت بڕی بودجه‌ی فلاٚن وه‌زاره‌ت چه‌نده ؟ بڕی ئه‌و پارانه چه‌نده دوو حیزبه ده‌سلاٚتداره‌كه‌ی كوردستان له‌سامانی ئه‌م ولاٚته بۆخۆیان بڕیان داوه‌و براوبه‌شی ئه‌كه‌ن , كامه‌یه هێڵی جیاكه‌ره‌وه‌ی نیوان ئابوری حیزب و ئابوری نیشتمانی ... ؟ بۆوه‌لاٚمی ئه‌م پرسیارانه هێنده سه‌خته له‌كاتێكدا خه‌ڵكی دورترین كوێره دێیه‌ك گه‌ر بیه‌وێت ئه‌زانێت جۆرج بۆش پشكی له‌چ كۆمپانیایه‌كدا هه‌یه , یان موچه‌ی مانگانه‌ی سه‌رۆك وه‌زیرانی یابان چه‌نده . بۆچی ڕۆژنامه جدیه‌كانی كوردستان تاڕاده‌ی سه‌ره‌ڕۆیی risk فایلی سیخوڕی بلاٚوئه‌كه‌نه‌وه , كه‌چی نازانن بودجه‌و بڕی خه‌رجی مانگانه‌ی فلاٚن لق و مه‌ڵه‌بندی حیزبی چه‌نده . ناتوانن لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی ڕۆژنامه‌وانی له‌سه‌ر داهات و سه‌رمایه‌ی یه‌كێك له‌و به‌رپرسانه بكه‌ن كه‌سه‌رمایه‌كه‌ی به‌ره‌و سه‌روی ملیار ئه‌ڕوات ؟

دیاره كێشه‌مان هه‌ر ئه‌وه‌نیه بۆچی كه‌س به‌ژماره وه‌لاٚمی ئه‌م پرسیارانه‌ی لانیه , كه پێویست وه‌هایه پرسیاری هه‌موو ڕۆژه‌ی هه‌ر هاوولاٚتیه‌كی ساده‌ی ئه‌م ولاٚته‌بێت , گرفتی سه‌ره‌كیمان ئه‌وه‌یه هیچ ده‌زگایه‌كی یاسایی و ده‌ستوری و ئیداری و ... نیه بتوانێت ده‌سلاٚتداران ناچار به‌وه‌لاٚمدانه‌وه‌ی ئه‌مجۆره پرسیارانه بكات , ئه‌و ناچاریه‌ی كه له‌ئۆكسجین پێویست تره بۆ دروستبونی ئه‌و دیارده‌ی پێی ئه‌وترێت ( شه‌فافیه‌ت ) , به‌بێ شه‌فافیه‌تیش , نه‌دیموكراسیه‌ت , نه‌مافی مرۆڤ , نه‌بازاڕی ئازاد , نه‌كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی , نه ... هه‌موو ئه‌و كۆنسێپتانه‌ی تر ده‌سلاٚتدارانی كورد بانگه‌شه‌ی بۆئه‌كه‌ن ڵنگه‌و قوچ و شێواو ده‌رئه‌كه‌وێت .

ئه‌مڕۆ بازاڕه‌كانی كوردستان پڕبووه له‌پاره , كه‌چی هێشتا زۆرینه‌یه‌كی خه‌ڵك هه‌رماون له‌خوار هێڵی هه‌ژاریه‌وه . توێژێك تازه سه‌رمایه‌دارو خاوه‌ن پرۆژه‌ی قورس دروستبوون , كه‌چۆنیه‌تی به‌ده‌ست هێنانی سه‌رمایه‌كه‌یان ته‌مه‌نێكی حه‌فتاساڵه بیركردنه‌وه‌ی گه‌ره‌كه بۆئه‌وه‌ی لێی تێبگه‌یت , كۆمه‌ڵێك لێپرسراوی دورله‌هه‌ستی به‌رپرسیارێتی دروست بوون كه نیشتمان وه‌ك باخچه‌یه‌كی تایبه‌تی خۆیان ته‌ماشائه‌كه‌ن , له‌به‌رامبه‌ریشدا خه‌یاڵی جێهێشتن و خۆقوتاركردن له نیشتمان لای لاوان له‌هه‌ركاتێكی ڕابردوو زیاتر بوژاوه‌ته‌وه . به‌رامبه‌ر ئه‌م دۆخه‌ترسناكه‌یش نه‌هیچ لێپرسینه‌وه‌یه‌ك هه‌یه , نه‌ئاماژه‌یه‌ك هه‌یه بۆئه‌وه‌ی ئه‌م سه‌رچاوانه‌ی گه‌نده‌ڵی له‌م ولاٚته‌دا ناچاری به‌خۆداچونه‌وه بكرێت . نه‌په‌رله‌مان , نه‌ئۆپۆزسۆنی سیاسی , نه‌ڕێكخراوه n g o كان , نه‌میدیای ئازاد و سه‌ربه‌خۆ ... هیچیان تائێستا نه‌یانتوانیوه سنورێك بۆئه‌و پاشاگه‌ردانیه دابنێن كه‌له‌به‌فیڕۆدانی سامانی ئه‌م ولاٚته‌دا دروستبووه .. زۆر نا , ته‌نها پارتی و یه‌كێتی ناچاری ئاشكراكردنی بڕی ئه‌وپارانه بكه‌ن كه‌بۆخۆیان دابڕیانكردووه , بڕی موچه وه‌رگره‌كانیان چه‌نده‌و چۆن پاره‌یان به‌سه‌ردا دابه‌شئه‌كه‌ن , ژماره‌ی ئه‌و كادرانه‌یان چه‌نده كه‌كاری حیزبی ئه‌كه‌ن و موچه له‌سه‌رحكومه‌ت وه‌رئه‌گرن .. یان ئه‌وانه‌ی هیچ كارێك ناكه‌ن و موچه‌یش وه‌رئه‌گرن . ئێمه به‌م كێشانه‌وه ساڵه‌كانی ته‌مه‌ن تێئه‌په‌ڕێنین بێ ئه‌وه‌ی ببینین كه‌س بخرێته به‌رده‌م هیچ لێپرسینه‌وه‌یه‌كی یاسایی و نیشتمانیه‌وه ..

ئه‌م گرفتانه هه‌ره‌شه یه‌كی گه‌وره‌یه بۆسه‌ر دواڕۆژی ئابوری ئه‌م ولاٚته , كاولكردنی ئابوری كوردستان و هێشتنه‌وه‌ی ژێرخانه‌كه‌ی به‌ودواكه‌وتوی ئفلیجیه‌ی ئێستای , له‌هه‌ر داگیركه‌رو و دوژمنێكی ده‌ره‌كی زیاتر مه‌ترسیه بۆسه‌ر ئه‌م ولاٚته . ناكرێت موچه‌ی زیاتر له 50٪ فه‌رمانبه‌ره‌كانت كه‌متر له‌به‌های كرێ خانویه‌ك بێت , له‌ولایشه‌وه پۆسته‌حوكمی و حیزبیه‌كان بكرێته كه‌ناڵی ده‌وڵه‌مه‌ندبونی كوتوپڕ و گیرفانپڕكردنی نایاسایی خه‌ڵكانێكی نابه‌رپرس . ئه‌گه‌ر به‌ڕاستی كه‌سانێك هه‌یه هه‌ر له‌ناو ده‌سته‌بژێری ده‌سلاٚتداری هه‌رێمی كوردستاندا داوای چاكسازی ئه‌كه‌ن پێویسته لێره‌وه ده‌ست پێبكه‌ن . سه‌ره‌تای چاكسازی له‌شه‌فافیه‌تی بڕیارو نه‌شاردنه‌وه‌ی ئه‌و ژماره ئابوریانه‌یه كه تا ئێستا میدیاكارانی كورد له‌خه‌ونیشدا نه‌یانبینیوه , گه‌ڕانه‌وه‌یه بۆحوكمی قانون و نه‌هێشتنی ئمتیازات و ئه‌فزه‌ڵیه‌ت و كاركردن به‌پره‌نسیپی كه‌سی شیاو بۆشوێنی شیاو , نه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌ركه‌س لای جه‌نابی ( ... ) خاتر داربو ئیتر بۆی هه‌بێت نیوه‌ی ولاٚته‌كه داڵقوتبكات و كه‌سیش نه‌وێرێت لێی بپرسێته‌وه , گه‌ر ئیراده‌و ڕاستگۆییه‌ك هه‌یه به‌رامبه‌ر پێداویستی كۆمه‌ڵگای كوردی بۆچاكسازی پێویسته له‌م كه‌لێنانه‌وه ده‌ست پێبكرێت .

تیۆریسته پاشكۆلۆنیالیزمه‌كان پاره‌ی مۆڵی په‌ترۆلی ولاٚته ڕۆژهه‌لاٚتیه‌كانیان به یه‌كێك له‌ڕیشه‌كانی مۆدێلی دیكتاتۆریه‌تی پاشكۆلۆنیالیزم دائه‌نا , پێیان وابو ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ی پێویستی به‌وه‌رگرتنی باج نیه بۆبه‌رده‌وامی خۆی و هه‌میشه هاوولاٚتیه‌كانی چاویان له موچه‌ی تێر و پڕی ئه‌وه , ئه‌گه‌ری دیموكراتیزه بونی زۆر لاوازه . هه‌ربۆیه پاره زۆری وه‌ك چۆن ڕێگایه‌كه بۆبه‌ختیاری و خۆشنودی , ئه‌شێت ڕێگایه‌كیش بێت بۆدروستبونی ده‌سلاٚتداری سه‌ركوتكار , له‌و مۆدێله سه‌ركوتكاریه‌ی كه‌پاره‌و سامانی ولاٚته‌كه به‌كارئه‌هێنێت بۆسه‌ندنی بێده‌نگی و وه‌لائی هاوولاٚتیه‌كانی , ( ولاٚتانی كه‌نداوی عه‌ره‌ب نمونه‌ی

بەرچاوی ئەم جۆرە دیکتاتۆرەن ). ئەم دیاردەیە ئێستا لەکوردستاندا خەریکە تەشەنە ئەکات , بۆنمونە : ئێستا جگە لەو پارە زۆرەی حیزبە دەسلاَتدارەکانی کوردستان بۆخەلَك كڕین خستویانەتە گەڕ , بۆ مەبەستی حیزبایەتی تەسك هەزاران فەرمانبەریشیان دامەزراندووە بەوەزیفەی وەهمیەوە , ئەمانە کەهەندێك جار بە فەرمانبەری ( چوارمشقی ) یش ناوئەبرێن , جگە لەموچەوەرگرتن هیچ کارێکی تریان نیە لەم ولاَتەدا بیکەن .

لەهەرێمی کوردستاندا سیاسەتی وەبەرهێنان و بەکارهێنان و سەرفکردن و بەرهەمهێنانی پارە بێسەروبەری و پاشاگەردانیەکی سەیری پێوەدیارە , بەجۆرێك هەمو خەلَکی شارنیشین ولادێیش گرفتاری ئەم سیاسەتە هەلَە بوون . لەلایەکەوە ژمارەی موچەخۆرەحوکمیەکان لەشارەکاندا بێسنور زیادئەکات و ئاستی ژیانی زۆرینەیشیان لەخوار هێلَی هەژاریەوەیە , لەلادێکانیشدا زۆرینەی جوتیار و ئاژەلَدارەکان گوندەکانیان چۆلَ ئەکەن و ڕوئەکەنە ئەوشارانەی کەخۆیان بەدەست کێشەکانی گرانی و کەمی موچەو قەیرانەکانی تری بازاڕەوە ئەنالَێنن . ئەمەیش وایکردووە ئابوریەکی هەلاَیساوی ناجێگیر , بازاڕێکی بەرخۆری بێ بەرهەم دروست ببێت , تەنانەت بۆ ئاوی خواردن و دۆ و تەماتەیش پشت بەوانە ببەستێت کەلەدەرەوەی کوردستانەوە بۆی دێت .

هەندێك جار کاربەدەستانی کوردستان باس لەهێنانی شارەزایانی دەرەوە ئەکەن بۆڕیشەکێشکردنی ئەو گەندەلَیەی کەهەیە , وەك ئەوەی گەندەلَی پەتایەکی ڕاگوزەربێت و بەکوتانێك چارەسەر بکرێت .. لەهەر ولاَتێکی دنیادا سیاسەتی ڕیشەکێش کردنی گەندەلَی بەڕێوەچوبێت لەسەر دەستی هێزێکی ڕیفۆرم خوازی ناوخۆیی پیادە بووە نەك شارەزایانی بیانی . سروشتی گەندەلَی خۆی هێندە بەرچاوو ئاشکرایە پێویستی بەوە نیە خەلَکێك لەدەرەوەی ولاَتەوە بهێنرێت بۆئەوەی بۆت دەستنیشان بکات , بەلَکوچارەسەری ڕاستەقینە پێویستی بەهەنگاوی بە کردەوەی هێزێکی ڕیفۆرمیست هەیە کەخۆی بەشێك نەبێت لەگەندەلَیەکە , هێزێك بتوانێت " شەڕی ئەژدیهاکان بکات و خۆیشی نەبێتە ئەژدیها " .